## بەڕێز کاک نێچیرەڤان بارزانی
## بۆ پێت باشە سروودێکی دیکە جێگەی سروودی ئەی رەقیب بگرێتەوە؟

هاودەم قادر

(هەڵکەوت زاهیر) کە ڕاوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە,لە لێدوانێکیدا ڕایدەگەیەنێت کە پاش وتووێژکردن و پرسیارکردن لە سەرۆکی حکومەت پێی وا بووە گەر سروودێکی تر لەبری سروودی ئەی ڕقیب دابنرێت ئەوا شتێکی خراپ نییە. لە کاتێکدا هەموو تاکێکی ئەم نیشتمانە بە ئاگان لەوەی کە سروودی ئەی رەقیب ,سروودی تاکە حیزب ولایەنێک نییە کەوا بە ئاسانی هەوڵی گۆرینی بدرێت,موڵکی هەموو گەلی کوردە بە هەر چوار پارچەکەیەوە ,جگە لەوەی کە سروودێکی هاندەر و نەتەوەییەو, پرە لە جۆش وهەستی نیشتمانی و و زیاتر لە پەنجا ساڵە لەسەر زمانی هەموو تاکێکی کوردە بە هەموو چین و توێژێکی میللەتەکەمانەوە,و بە هەزارەها لاوی خوێن گەرمی ئەم نیشتمانە بە هۆی پیرۆزی ئەم سروودەوە بووە کە چەکی شۆرشیان هەلگرتووە و بوونەتە پێشمەرگە و دژ بە داگیرکەران جەنگاون,تەنانەت قودسیەتی ئەم سروودە ئەوەندە گەورەیە ,لە بۆنەو ئاهەنگە نەتەوەییەکاندا کاتێک جەماوەری ئامادەبوو گوێ بیستی دەبن هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە هەڵدەستێتە سەرپێ .و ئەوەندە سروودێکی تۆقێنەر بووە بۆ دوژمنانی نەتەوەکەمان بۆیە هەمیشە دوژمنان سڵییان لە وتنەوەی کردووە لە لایەن رۆڵەکانی میللەتەکەمانەوە و بەردەوام لە هەوڵی قەدەغەکردنیدا بوون.لەبەرئەوە گۆرینی سروودێکی نیشتمانی وا گەورە ,بە سروودێکی دیکە کارێکی وا ئاسان نییە و هەر هەوڵێک بۆ ئەم مەبەستە بدرێت ,دەبێت مێژوو خۆی بیچەسپێنێت و پرس بەجەماوەر بکرێت و ڕاپرسی لەسەر ئەنجام بدرێت و تێکرای گەلی کورد بڕیاری لەسەر بدات نەک تەنیا چەند کەسێک ,چونکە سروودێک منداڵە چاو گەشەکانمانی لە سەرەتای ژیانیانەوە لە باخچەی منداڵانەوە پێ گۆش کرابێت ,زۆر مەحاڵەو ناکرێت بە دەرکردنی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن بەڕێزتانەوە بڕیار لەسەر لابردنی بدرێت .